# بێباوەڕەکان لە باوەش بگرن

ناونیشانی بابەتەکە کەمێک سەیرە ، بەڵام گەر بە وردی بیخوێنیتەوە ڕەنگە تێڕوانینت بەرامبەر زۆر شت بگۆڕێ .

سەرەتا با بزانین بێباوەڕ(ملحد) مانای چییە ؟

لە فەرهەنگ : ملحد ئەوکەسەیە کە شتێک دەشارێتەوە .

وەک زاراوە : ملحد ئەوانەن کە باوەڕیان بە ئاین و خودا و شتە نادیارەکان نییە .

لە کوردی وشەی بێباوەڕ- ئەتایستی بۆ بەکاردێت ، دیارە کە ئەتایست لە بنەرەتدا وشەیەکی ئینگلیزییە (Atheist)

بە کێ دەگوترێ بێباوەڕ ؟

هەرکەسێک باوەڕی بە خودا یا پەیامە ئاسمانییەکان نەبێ ، یا گومانی هەبێ ، ئەوا بە بێباوەڕ ئەژماردەکرێ بەڵام دوای ئەوەی خودا و ئاین و پەیام بەڕونی تێبگا ، واتە دوای ئەوەی کرۆکی ئاینی لەلا ڕون دەبێتەوە ئینجا بڕیاربدا کە باوەڕی پێی نییە ، نەک کەسێک کە هیچ دەربارەی پەیام و ئاین نازانێ ، یا بە هەڵە لە ئاین تێگەیشتوە .

ڕەنگە بڵێی ئایا کەس هەیە لە ئاین تێنەگەیشتبێ ؟ بەڵێ بە ملیۆنان هەن .

ئایا کەس هەیە ئاینی پێ نەگەیشتبێ ؟

بەڵێ زۆر هەن ، خزمێکی نزیکی خۆم لە ناوچەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ئوستورالیا ئەندازیاری ڕێگاوبانە ، بەر لە چەند ساڵێک خەریکی دروسکردنی ڕێگابون لە ناوچەکە ، لەوێ ئاشنایەتیی لەگەڵ هۆزێک پەیداکرد بەناوی (ئەنانگو-Anangu)کە یەکێک لە هۆزە ڕەسەنەکانی ئوستورالیان ، تا ئێستاش نازانن خوا و ئاین و پەیام چییە ، ئێستاش لای ئەوان ئەگەر شەو بە تاریکی و بە تەنها بچیتە دەرەوە بونەوەرێک لە ئاسمانەوە دادەبەزێت و دەتبات و دەتکوژێت ، تەنها ئەو بونەوەرە سەرچاوەی مردنە ، ئەوەی زیاتریش ترسناکی دەکات ئەوەیە کە ئەو بونەوەرە سەیرە دەنگی پێیەکانیشی نایەت چونکە بنی پێیەکانی پەڕی پێوەیە بۆیە پێێ دەوترێ (پێ بە توک featherfoot) ، ئەگەر لە تاریکیدابیت لە دواوە دێت و دەتبات بەڵام ئەگەر کۆمەڵێک بن یا ئاگرت بەدەستەوە بێ ئەوا سەلامەت دەبیت .

لای ئەوان هەمو پیاوێکی سپی خراپە و لێی دەترسن چونکە ئینگلیزەکان کە بۆ یەکەم جار چونە ئەوێ خەڵکی ڕەسەنی ئەوێیان دەکوشت ، زۆریان لێ کوشتن تەنها کەمێک ماون کە زۆرێکیان لەناوچەی وا دەژین هیچ جۆرە شارستانیەتێکی تێدانییە و پەیوەندییان بە جیهانی دەرەوەی دارستان و ناوچەکەی خۆیان نییە ، من خۆشم لە چین چیرۆکی هاوشێوەی سەیرم بیستوە ، لە چین و کۆریا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا زۆرێک لە خەڵکی تا ئێستاش ئەسڵەن نازانن ئاین چییە ، ئەوان هێندە سەرقاڵی ژیانن و هێندە داخراون دونیای دەرەوە نابینن ، گەر بشبینن هێندەی لێ تێناگەن ، ئەوەشمان بیرنەچێ کە گۆڕینی بیروباوەڕ پرۆسەیەکی زۆر سەختە .

جۆرەکانی بێباوەڕ

١- ئەتایست – الملحد – Atheist

ئەم جۆرەیان باوەڕی بە هیچ شتێکی میتافیزیکی نییە ، واتە بەتەواوی بیرۆکەی خودا و ئاین و پەیام ڕەت دەکاتەوە ، لە پلەدا دو جۆرن بێباوەڕی نەرێنی یا لاواز ، ئەم جۆرەیان لەگەڵ ئەوەی باوەڕی بە خودا نییە و ڕەتی دەکاتەوە بەڵام بە تەواوی نکوڵی لە بونی ناکات ، بەڵام بێباوەڕی ئەرێنی یا بەهێز ، بە تەواوی بونی هەمو زاتێکی پیرۆز و پەیامێکی پیرۆز ڕەت دەکاتەوە.

٢- دژەباوەڕدار – مناهض المؤمن- Anti-theist

ئەم جۆرەیان دژەدئاینن ، واتە ئاین بە مەترسی دەزانن لەسەر کۆمەڵگە ، بۆیە هەوڵدەدەن کڵێسا نەک هەر لە دەوڵەت بەڵکو لە زانست و پەروەردەش دوربخەنەوە چونکە بە تێڕوانینی ئەوان ئاین مەترسیدارە و سزای نامرۆڤانەی هەیە وەک بەردبارانکردن و قەدەغەکردنی نێربازی ، هەروەها ئاین تاوانبارە بە لەخشتەبردنی منداڵ لە کڵێساکان و خەتەنەکردن و زۆر شتی تر ...

٣- نازانم – لا ادری – Agnostic

ئەم جۆرەیان دڵنیا نییە لە بونی خودا و پەیام و ئاین ، نازانێ و نایەوێ بزانێ ، بە بڕوای ئەم گروپە ڕەنگە خودا هەبێ و بەڵگە پەیدابێ لەسەر بونی بەڵام جارێ نازانین .

٤- بەگومان – شکاک – Skeptic

ئەو بێباوەڕانە دەگرێتەوە کە گومانیان هەیە لە بونی خودا و ڕاستیی پەیامەکان ، لەڕاستیشدا ناهەق نین چونکە هێندە ئەفسانە و چیرۆکی بێ بنەمایان بیستوە لەژێر ناوی ئاین و پیرۆزییەکان وایان لێهاتوە باوەڕ بە هیچ شتێکی پەیوەست بە ئاین نەکەن . لە لایەکی تریشەوە کردەوەی ناشرینی هەندێک لە بڕواداران و دوریان لە کرۆکی پەیامە پیرۆزەکان هێندەی تر ساردیان دەکاتەوە لەسەر بڕواهێنان بە پیرۆزییەکان .

٥- بیرمەندی ئازاد- المفکر الحر – Free thinker:

ئەم زاراوەیە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی ١٧، بۆ یەکەمجار لە ئینگلتەرا بەکارهاتوە بۆ وەسفکردنی ئەو کەسانەی کە دژایەتی کڵێسا و ئەوانەی باوەڕی کوێرانەیان بە کتێبی پیرۆز هەبوە .

بیرکردنەوەی ئازاد هەڵوێستێکی فیکرییە کە دەڵێت بۆچونەکان دەبێ لەسەر بنەمای لۆژیک و بەڵگە بن نەک دەسەڵات و نەریت. فەیلەسوفە ناسراوەکان لەوانە جۆن لۆک و ڤۆڵتێر لە سەردەمی خۆیاندا بە بیرمەندی ئازاد ناودەبران .

هەندێک جۆری تری بێباوەڕ هەن وەک ( مرۆڤدۆست – الانسانی - Humanist) لای ئەوان مرۆڤ لە هەموشتێک باڵاترە و باوەڕیان بە ئاین نییە ، هەروەها (یەکیەتی گەردون – وحدة الوجود - Pantheism) جۆرێکی ترە کە باوەڕیان بە یەکێتیی گەردون هەیە و لای ئەوان خودا و گەردون یەک شتن ، واتە خودا مانای گەردون و هەموشتەکان .

کێ بێباوەڕ دروست دەکات ؟

بێباوەڕان ئێمە دروستیان دەکەین ، وردتر بڵێین کۆمەڵگە دروستیان دەکات ، کاتێک تاک پرسیاری بۆ دروست دەبێت و وەڵامی دروستی دەست ناکەوێت ئەوا ناچارە ڕێگەیەکی تر بگرێتەبەر ، بێباوەڕان هەر ئەو بڕوادارانەی نێو کۆمەڵگەن بەڵام وردتر لە شتەکان دەڕوانن و گومان دەکەن و پرسیار دەکەن چونکە حەزدەکەن ڕاستیی شتەکان بزانن ، خوداش مرۆڤی بەگومانی خۆشدەوێ نەک باوەڕداری بێ ئەزمون ، ئەوەتا هەمو پەیامبەران لەڕێی گومانەوە گەیشتن بە ڕاستی ، ئەگەر ئەوان گومانیان نەبوایە نە پەیامیان بۆ دادەبەزی و نە دەبون بە پێشەوای خەڵک .

گومان کلیلی گەیشتنە بە ڕاستی ، بۆیە لەم ڕووەوە بێباوەڕەکان هەنگاوێک لە پێش باوەڕدارە تەقلیدییەکانن ، مەبەستم لە باوەڕداری تەقلیدی ئەوانەیە کە باوەڕیان وەک نەریت لە باوانەوە بۆ ماوەتەوە و هەرگیز ڕۆژێک پرسیاری ڕاستی و دروستیی باوەڕەکانی خۆیان نەکردوە و گومانیان لە هیچ شتێک نییە ، پرسیاریان نییە چونکە وادەزانن وەڵامی هەموشتێکیان لایە ، یا لانیکەم باوەڕەکەیان وەڵامی هەمو پرسیارەکان دەداتەوە .

بێباوەڕەکان لە گومانەوە دەست پێدەکەن ،کە سوکترین پلەی بێباوەڕییە بەڵام ئەگەر گومانەکانیان نەڕەوێنرایەوە پلەی بێباوەڕییان بەرزدەبێتەوە و دەبن بە بێباوەڕی تەواو یا دژەباوەڕدار بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگە .

دیارە باوەڕ لە بنەڕەتدا هەڵەی تێدانییە بەڵام تێگەیشتنی تاک یا کۆمەڵگە بۆ باوەڕ هەڵەی زۆری تێدایە هەر بۆیەشە لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتری زانست بێباوەڕی زیاتر دەردەکەون . ئەمەش دەرخەری ڕاستییەکی تاڵە ،بەداخەوە زۆرێک لە پێشەوایانی ئاین وەڵامی پرسیارەکانیان لا نییە ، یا ئەتەکێتی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی هێمنانە نازانن ، من مامۆستای ئاینی گەورە دەناسم هەر هەمو منداڵەکانی بێباوەڕن ،لە ٧ منداڵ تەنانەت یەک منداڵی مسوڵمانی نییە .!

باشە گەر ئەو مامۆستا بەڕێزە نەتوانێ وەڵامی پرسیاری منداڵەکانی خۆی بداتەوە چۆن ڕێنمایی خەڵک دەکا ؟ گەر نەتوانێ منداڵەکانی خۆی بخاتە سەر ڕێگەی ڕاست چۆن دەتوانێ منداڵی خەڵک ڕێنمونی بکات ؟

ئەگەر سەرنجی پێناسەکانی سەرەوە  بدەین دەبینین سەرهەڵدانی هەمو جۆرەکانی بێباوەڕی کاردانەوەیە بەرامبەر تێگەیشتنی هەڵەی ئاین نەک خودی ئاین ، سەرنجی مێژوی ئاین بدە لە ئەوروپا بە تایبەت پێش شۆڕشی فەڕەنسی ، ئاین تەنگی بە خەڵک هەڵچنیبو و ژیانی لێکردبون بە دۆزەخ ، دەبێ بزانین کە سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسا و  هەمو شۆڕشەکانی تریش لە کاردانەوەی خەڵک بوە دژی خراپ مامەڵەکردنی کڵێسا و پیاوانی ئاینی  نەک خودی ئاین .

ئەگەر سەرنجی مێژوی ئیسلامیش بدەین بەداخەوە هەندێک خاڵ بەدی دەکەین کە بونەتە هۆی دورکەوتنەوەی خەڵکێکی زۆر لە ئیسلام وەک بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان بەناوی ئاین و مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات و چەوساندنەوەی خەڵک لەلایەن سوڵتان و کاربەدەستانەوە بەناوی حوکمی خودا و سەپاندنی سزای کوشتن لەسەر بچوکترین تاوان و سەرپێچی و چەوساندنەوەی زاناکان و کافرکردنی فەیلەسوفان و .... هتد

ئێمە لە ئەنجامی ناهۆشیاریی خۆمان بەدەستی خۆمان تاکی بێباوەڕ دروست دەکەین و پاشانیش نەفرەتیان لێدەکەین ، ڕەنگە بڵێی ئاساییە تاکی بێباوەڕ  هەبێ لەناو کۆمەڵگە ئەوەتا خێزان و منداڵی پەیامبەران هەبون کە بێباوەڕ بون ، بەڵێ ڕاستە ، بەڵام دەبێ ڕاستییەکان ڕون بکرێنەوە ، دوای ڕونکردنەوە باوەڕهێنان و ڕەتکردنەوەی دەکەوێتە خانەی ئازادیی تاک .

بێباوەڕەکانتان خۆش بوێن و لەباوەشیان بگرن ، چونکە هەر گومان و پرسیاری ئەوانە بەرەو ڕاستیمان دەبەن ، لەبیریشمان نەچێت ئەوان هەر خوشک و برا و کەسی خۆمانن ، ئەگەر ئێمە دوریان بخەینەوە و نەفرەتیان لێبکەین ئەی کێ وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە

ئەی خودای گەورە نافەرموێ (ئەی پەیامبەر ئێمە تۆمان بۆ بڵاوکردنەوەی بەزەیی و میهرەبانی لە هەمو جیهان )؟

ئەی بڕیار نییە ئاین جێگەی هەمومانی تێدا ببێتەوە ؟ ئەی بڕیار نییە ئاین باوەشێکی پڕ لە سۆز و میهرەبانی بێت بۆ هەمو جیهان ؟

ئەی بۆچی فەرمانەکانی خودا پشت گوێ دەخەین و فەرمانی خەڵکی تر جێبەجێ دەکەین ؟

"شەماڵ محمد"